مەسرور بارزاني:بە هێرشێکی بێ پاساو و نامەردانە هەولێر کرایە ئامانج

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ئەمڕۆ سێشەممە،لە داقوسەوە ڕایگەیاند ئیدانەی هێرشەکەی سەر هەولێری پایتەختی کوردستان دەکەین کە چەند هاوڵاتیەکی سڤیل بوونە قوربانی،وتیشی بە هێرشێکی بێ پاساو و نامەردانە هەولێر کرایە ئامانج .

بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتی:هێرشی سوپای پاسداران بۆ سەر کوردستان بێ بنەماو بێ پاساوە،ئێمە بەشێک نیین لە کێشە و ئاڵۆزیەکان.

هەروەها ئاماژەی بەوە کرد ئەو کەسانەی کراونەتە ئامانج بەهیچ شێوەیەک کەسانی سیاسی نین تەنها سەرمایەدان و خزمەت بە کوردستان و ئابوری دەکەن و ئەمەش دەمانەوێت پەرە بە پەیوەندیە ئابوریەکانی کوردستان بدەین.

بارزانی باسی لەوەش کرد هۆکاری هێرشکردنە سەر هەولێر نازانیین چیە تەنها کارێکی نامەردانەیە،داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین هەڵوێستی جددی هەبێت بۆ کۆتایی هێنان بە هێرشەکان.

لەبارەی تیمەکانی لێکۆڵینەوەوە سەرۆکی حکومەت ڕایگەیاند:تیمی لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە بۆ زانینی وردەکاریەکانی کردەوە تیرۆرستیەکەی سەر هەولێر.

مەسرور بارزانی لە کۆتایی قسەکانیدا وتی:ڕێگە بدەن بە ئازادی بژین و ئەو کردەوە تیرۆرستیانە ڕێگر

نابن لە گەیشتن بە ئامانجەکانمان